# سۆزانی

بەختیار کەریم

**دەیان هاوار بە گوێی کەڕماندا ڕۆدەچێت، با ئێستێک بکەین و گوێ بۆ هاوارەکانی ئەم سۆزانیەی ڕۆحی 'من' ڕابگرین!!**



1

گوێم لە هاواری سۆزانیەکە، ئەی ئێوە گوێتان لێ نیە؟ کە دەڵێت ژووری نوستنی ماڵە خانەدانێکی ئەم وڵاتە نەماوە من تیایدا نەڕشابێتمەوە ناو گەنجینەی بەهاکانیانەوە!

ئەم سۆزانیە بەدبەختە هەر هەمان سۆزانی کۆڵانەکانی منالیمە کە ئێواران بەرلەوەی یەخە بە بازاڕ بگرێت شەکەت شەکەت ماچێکی گۆنای چەپی دەکردم و سووراوی تابلۆ شێواوەکەی لێوانی لەسەر جێدەهێشت و

دەیگووت خودایە ئەمەیان چەند بەتامە؟ یان ئەویان کوشت و پێنج دیناری کاغەزیان ترنجاندە عەورەتیەوە؟

ئەم سۆزانیە هێند گرانجانە لە حەزرەتی ژیان دەچێت، بۆی پرتەقاڵی باخچەکانی زیندەگی لە سینەی دێت و لیمۆی خەزان دەفرۆشێت، بەم دراوە عەنتیکانەی زوڵمەت سەودای شەو دەکات و وێڵی دوای ژیانێکە لە خۆی کەمێک میهرەبانتر. دەیەوێت بە لەنجە چێژ و بە چێژ هەناسە و بە هانکە هانکی ناوگەڵی زەمەن بەختەوەریی بکڕێت. شەوانە قومارێکی دڵڕەق لەسەر جەستەی خۆی دەکات و هەمیشە براوەیە، پیاوەکان دۆڕان دۆڕان پاش دۆڕان تۆماردەکەن و پەنا بۆ سەر مێزی قوماری دەبەوە.

کە مەست دەبێت هاوار دەکات منم ئیمپراتۆری شەو، پێخەڤ و مەملەکەتی نهێنیەکانی پیاو. من گەرچی شوناسی شەرەفم نیە بۆ پەڕینەوە لە بەردەبازەکانی هەوەسی ئەشکەنجەی خواوە بۆ ئەوبەری ئیمان، وەلێ سەرۆک نیە نامەم ڕەتبکاتەوە و پێغەمبەرێکی پڕ جادوو نیە تاسەی هانکە هانکی ئۆرگازمم نەکات. من ئەگەرچی بۆ پەڕینەوە لەمبەری چەمەوە بۆ ئەو بەری دەبێت بەرتیل بە ماسی بدەم و دەنوکی نەورەس چەوربکەم، بەڵام ئاوێک نیە لە چاوی خواوە هەڵقوڵێت و بە کەنداوی گریاندا تێپەڕبێت و بڕژێتەوە چاوی فیردەوس خۆی لە جەستەم هەڵنەسوبێت و بۆ مەلەیەک نەپاڕابێتەوە.

ئەم سۆزانیە (من) نەماوە لەو هەموو (من)ە لوتبەرزەی ناو کۆشکەکانی شار و قەڵای قایمی سەیرانگەکانی وڵات شەوێکی لێ نەکڕیبێت و بەرامەی ئاونگی ڕژاوی نێوان ڕانەکانی سەرمەستی نەکردبێت. هەموو (من)ە پاکیزەکان دەڵێن:

ئەی سۆزانی عەورەت بۆگەن! تۆ کە لە وەچەی چنارە گرگنەکانیت و من لە نەوەی سوورەچنارە باڵابەرزەکان، تۆ کە بۆچەکی ژووری نووستن و بۆساردی شەهوەت لە گەرووت دێت، هەناسەی منیش بۆنی گەرمی خوێن و گوڵاوی شەرگە، تۆ بە بۆیەی پەڵکەزێڕینە و ڕەنگی سەرباڵی ڕەنگاڵە ئارایشتی ڕووخسارت دەکەیت و من بە شەرابی ڕژاوی مەیخانە تاڵانکراوەکان و خوێنی ئاڵی شەهیدە نەناسراوەکان. بەڵام ئەی سۆزانی ناوگەڵ برسی، شەوانی من بەبێ بەزمی حزوری تۆ مەستبوونە بەبێ شەراب، شکاندنی توونێتیە بەبێ هەڵکردنی سەراب.

**سۆزانی و خودا**


2

تۆ ئەی ئەوەی ڕۆژگارێک

دراوسێی خۆر و دراوسێی بەفر و

دراوسێی تەنهایی بوویت

تۆ ئەی ئەوەی لە بڵندترین لوتکەی گەردونەوە

یاریت بە چارەنووسی زەریا و بە خەونی نەورەس و

بە ئایندەی گوڵ دەکرد

لە دەستتدا عەرشی جاویدانی خۆتت لە داستدا

لە دەستتدا بەهرەی گەورەیی و

سەعادەتی تەنهاییت لە دەستدا

تۆ ئەی ئەوەی ڕۆژگارێک باڵابەرزترین

وەهم بوویت لە بەرگی خالیقدا

ڕۆژگاری شکۆ و بڵندیت بەسەرچوو

سوڵتان بوویت جاران

ئەمێستا پوشکەبەقنەیەکی خوێری

ئەمێستا تۆ نەوی بوویت بۆ مەقامی ئێمەی بستەباڵا

ئێمە کە ئیرەیی بە لاولاو دەبەین و

بەژنمان لە باڵای چیمەن تێپەڕناکات

بڕوانە چەند کورتین لە یەکسانیدا

تەماشا چەند یەکسانین لە گرگنیدا

بڕوانە تۆ چۆن نزم بوویتەوە بۆ ئاستی خودی نزمی

تۆ نیگارکێشی دەستڕەنگینی باخچەکانی فیردەوس بوویت

ئەندازیاری گەردوونێک بوویت

سینەی تژییە لە ئەستێرە و مانگ

ئەمێستا لە داوی جاڵجاڵۆکە ژەهراوییەکانی گەردوون ئاڵاویت

ئەمێستا قولاپی ماسیگرە بەدبەختەکان لە گەروت چەقیوە

ئیدی وەختی سەرسامبوونە بە ئازادی

ئازادی لە تۆڕی ڕاوچییە زەنگینەکان

ئازادی لە یەکسانی باڵامان

باڵای تۆی جەلاد و پێغەمبەر و شاعیر و

بەژنی ئێمەی خوێنەری دیوانە دۆزەخییەکانت

ئیدی تۆ دیلیت و ئێمە ئازاد

تۆ لە زەویت و ئێمە لە ئاسمان

تۆ کۆیلەی ئێمەیت و ئێمەش کۆیلەی خۆمان

وای چەند قەشەنگین

کاتێک لە کۆیلەبووندا یەکسانین

تۆ ئەمێستا کە یەکسانی بە منی سۆزانی

بمبیستە هاواری ساڵانێکم ببیستە:

ئەی خودای من تا لە بەین نەچووین

سەر لەنوێ گەردوون دروست بکەوە

بەتەنها خۆت ئەندازیاری تەلاری نوێی سروشت مەبە

لە گوڵ بپرسە کام ڕەنگ جوانترە بۆ ئاسمان

لەم شینە کاڵەی ئێستا

بۆ ڕەنگی ئاو بپرسە لە نەورەس

ماسی بۆ تامی توونێتی

شەماڵ بۆ وادەی توڕەبوون

نازناز بۆ کێشی عیشوە

خودایە لە نوێ خەلقمان بکەوە

با جەستەمان جیوەیی بێت

دڵمان بۆ چیە؟ خەم لە چنگماندا هەڵدەگرین

عەشقیش لە پەڕەی گوڵدا یان لە بن باڵی پەپولەدا

تۆش پێویستە ئاکاری خۆت بگۆڕیت خودای بانیسەر

ئەو تاوێرە لە کۆڵی سیزیف دابگرە

بەسیە مەستبوون بە گەمەی ئەشکەنجەدان!

شەرابێک بۆ خۆت دروست بکە

لە ترێی ڕەزەکانی عەشقی ژن

پاش ئەوەی جارێکی تر

بە جەستەیەکی جیوەییەوە دروستیان دەکەیتەوە

کاسێک بۆ خۆت چێبکە

لە شووشەی ئەو پەنجەرانەی

داخستنیان لە پیاو قەدەغە دەکەیت و

وردوخاشکردنیان لەخۆت حەڵاڵ

ئادەم و حەوا بگێڕەوە بەهەشت

چما سێو خواردن تاوانە؟

خودایە لۆمەی ئادەم مەکە

بەهەشتی ئەبەدیەتی تۆی گۆڕیەوە

بە شەوێکی کورتی ئامێزی ژن

لە من بپرسە منی سۆزانی

چ میهرێکە ئامێزی ژن، چ قومارێکە ماچی سۆزانی؟

کە فێری بوویت نەک بەهەشتێک جێدێڵیت

تاجە ئەفسوناویەکەشت فڕێ دەدەیت و

لە (من)ی سۆزانی دەئاڵێیت

ببینە ئەمێستا چەند قشتین لە یەکسانیدا

چ گریمانەیەکی ئاڵۆزبوو خودا لە تەنهاییدا

# سۆزانی و یار

یاری کاکۆڵزێڕینم سەدەفی دەریا دوورەکانی دەرەوەی جوگرافیای شوێنم بۆ هێنایت، تا بسکی قەترانیم بەسەر هانکە هانکی تەڕبوونەکانتا شۆڕکەمەوە، تا ئاهاتی تاریکیی شەو ببارێنمە گلێنەی توونێتیەوە. شەرابی ترێی هێشتا نەگەییوی ڕەزەکانی عەدەمیەتی بوونم کردە پیاڵەی مەستبوونەکانی دەرەوەی ئاگاییت، بۆ ئەوەی سەرمەستی جەنگ بیت و دەستت تفەنگ بگرێت.

یاری شارەزووریم لە یادتە پێتگووتم:

داری عەشق بە شەهوەت نەبێت ئاونادرێت.

دۆرتکرد ئەی یاری ڕیاکار. شەهوەتی ڕەنگ نەما نەیرێژم بەسەر تابلۆی عیشقمدا، زوخاوی پیاوێک نەما نەیرێژمە سەر پێخەفی عەشقم، کەچی درەختی عەشق هێشتا زڕە دەوەنێکی گرگنە و بۆ ئاونگی باڵاکردن لە ئاسمان دەڕوانێت.

تۆ بروانە یاری وەجاخزادەم

هەزاران جار ئەتکی جوانیت کردم و

ناشیرینیی قولانجێک لە ناخت دوور نەکەوتەوە

شەوانێک تۆ بە داوێنپیسیی من هێڵنجت دەهاتێ

بەخۆت لە پرژەی ڕشانەوەی خودا سەرخۆشەکانیت

ڕۆژگارێک بە شەستتیرێکەوە

پاسی کۆڵانەکانی شەرەفی منت دەکرد

خۆت بە تاعونی بێشەرفیی دارڕزایت

بۆ ئەوەی لە خۆت قوتاربیت یاری خانەدانم

بۆ ئەوەی لە تەویلەکانی شیعر دەربازبیت

گوێ بنێ بە ترپەی باڵی فڕینەکانمەوە

تا فڕینەکانم ئەلفبای ئەوینت فێربکەن

ئەوینی قەسیدە دەمامکدارەکانی تۆ نا

ئەوینی ساتەوەختی بە فریشتەبوونی منی سۆزانی

تۆ بۆ ئەوەی هەنگاوێک لە فڕین نزیکتر بیتەوە

پێویستە لە ئەسپە پیرەساڵەکەت دابەزیت

مەحاڵە ئاشنابوون بە سۆزانی

گەر شەوێکت لە ئامێزی فریشتەدا ڕۆژنەکردبێتەوە

هەروەکو چۆن بۆ تۆی شاعیر و جەنگاوەر

مەحاڵە ئاشتیخواز بیت گەر جەلادترین جەنگدۆست نەبیت

تۆ بۆ ئەوەی بیستێک لە خوێن دوورکەویتەوە و

هەنگاوێک دووان نزیکتر لە باخچە شەهیدبیت

ڕەوایە جەنگ بکەیت لە دژی بوونت

کە چیتر لە فڕینا جەنگاوەر نابیت

تۆ بەرلەوەی بە فریشتەی ناخی منی سۆزانی ئاشنابیت

پێویستە سۆزانی ناخی فریشتەکان بکەیتە هاوڕێت

ئەوجا بە بزنەڕێکانی بەهەشتا بەروە لام وەرە و

توووند دەست بگرە بە قەترانیترین تاڵی بوونمەوە

تا لەگەڵ خۆم بەرەو ئەبەدییەتت ببەم

ئەبەدییەتی ئاو لە تەڕایی

ئەبەدییەتی خودا لە تەنهایی

ئەبەدییەتی سۆزانی لە فریشتەبوون

ڕەدووم کەوە یارێ

بەرەو باغچە هەمیشە شەرابییەکانی ئەبەدییەت

**سۆزانی و شاعیر**

کەستان شاعیر وەک من ناناسن، ئەو مرۆڤەی کە "ڕێگە بەخۆی دەدات خەون بەو پانتاییە پەنهانانەوە ببینێت کە دەکەونە نێوان بەهەشت و زەمینەوە"[3].

من و شاعیر گەر ماڵمان هەبایە هەموو شەوێک مانگ بە قامکی پڕ لە بازنەوە لە دەرگای ماڵەکانمانی دەدا. ئێمە لە مانگ بوێرترین مانگ گەر ئاسمانیشی نەبێت ئێمە بە چنگی خوێناویەوە لە دەرگای ماڵەکەی دەدەین.

من و تۆ لە مەستبووندا دوو ناوکی هەمان سێوی حەرامین

دوو نوتفەی هەمان شەهوەتی بێهودە ڕژاوی

ئادەمێکی گومڕاین

دوو تۆپەڵ دووکەڵی هەمان قلیانی لالێوی خوداین

دوو دڵۆپ شەرابی بێهودە ڕژوای مەرکانەکانی فیردەوسین

هەوردووکمان لە تەنهاییدا پێغەمبەرین

من ئایەتەکانم لە سەر سینەی جوانیم دەنووسمەوە

کە تەنها پیاوانی نەخوێندەوار موتالای دەکەن

تۆش ئایەتەکانت لە سینەی ڕەشی شەودا تۆمار دەکەیت

کە تەنها شەمشەکوێرە بێدارەکان دەنووک ئاژۆی دەکەن

من و تۆ لە داوێنی پیسی هەمان مێژوو کەوتینەخوار

وەک دوو پێغەمبەری کەم ئەزموون

وەک دوو مانگی بێباک تکاینە سەر زەوی

تۆ ڕۆژانە (ڕۆحی شاعیر)ت ژێرپێ دەنرێت و

منیش شەوانە شوناسی (فریشتە)م لێ زەوت دەکرێت

ڕۆحی شاعیر ڕۆحی جەلادێکی وەڕسە لە کوشتن

ڕۆحی باغەوانێکی نامورادە بە سیسبوونی گوڵ

ڕۆحی فریشتە ڕۆحی جادوگەرێکە لە بەرگی مەیگێڕدا

شەوێک شەرابێکی تاڵمان نۆش دەکات و

شەوێکیش ژەهرێکی ئاڵ

ڕۆحمان لە ڕووتبوونەوەدا خاڵییە لە جادو

لێوانلێوە لە جریوەی پەرییە ئیلاهیەکان

گەر ڕۆحی ڕووتی من و تۆ نەبێت

شەقام لە تەنهاییدا ڕەقدەبێتەوە

گەر تۆ و من نەبین شەوە وەنەوشەییە بێکۆتاکان بێ هاوڕێ

گیانیان لەگەڵ سەگە بەرەڵاکانی قەراغ شاردا دەردەچێت

بێ ڕۆحی سۆزانی و شاعیر

کەس شاکاری جەنگاوەرە دۆڕاوەکان نانوسێتەوە

سیفلیسی شەڕگەکان بۆ نەوەکانی دی بە میرات جێنامێنێت

کەس ڕوداوەکانی دەرباری پادشا پێنازانێت

گەر ڕۆحی من و تۆ شەوگەڕی شەقامە نووتەکەکان نەبێت

کەس فلسێک لە بەزەیی

ڕۆناکاتە نێو کلێتەی بەتاڵی سواڵکەرە برسییەکانەوە

ببینە ڕۆحی من و تۆ چەند کەڵکی بوون دەگرن

زیندو بێت ڕۆحی سۆزانی و شاعیر

کە ڕۆحی ئەم زبڵدانی ڕۆژگارە هێشتا نەهاتووەکانە و

ڕۆحی ویش تەویلەی مێگەلی پیاوان

**سۆزانی و نیشتیمان**


4

نیشتیمانێکم هەیە سینەی بۆ چنگی دوژمن لە سینەی سۆزانییە مەمک بەرزەکان بۆ چنگی مشتەریە بەخشندەکان ئاوەڵاترە، هەرچی دڵیەتی لە پشت ئەو مەمکانەی بەدەستی جەلادەکان دەگوشرێن وەک بەردی دۆزەخ ڕەقە.

چ موعجیزەیەکە نیشتیمانەکەم توورتترین جووتە مەمکی هەیە و ڕەقترین دڵ؟

نیشتیمانەکەم هەموو ساڵێک وەک مشکی شفتەزێ کردوو

هەزاران جار سکەزا دەکات

نیشتیمانەکەم ملیۆنەها کوڕی هەیە و تاقە یەک کچ نا

من

من قێزەونترین سۆزانی کوچەکانی شار

ئەو سۆزانییەی کە پیاوانی شار

گەر شەهوەتیان نەڕژێننە سەر جەستەم

تفی زارە پڕ لە پاڕانەوەکانیان لە ڕووخسارم دەکەن

منی سۆزانی کە هەموو پیاوێک لەم نیشتیمانە

بە جەستەم ئاشنایە

هەن بە ماچ، هەن بە ڕامووسان

هەزارانی دیش بە شەق تێهەڵدان

ئەوانی تریش وەک ئەوەی میزەچرکێیان بێت و

هەر بەڕێی مزگەوتەوەن، بە تف و نەعلەت

من

منی سۆزانی کە لەشپیسیم بە ئاوی

دەریاچە و کانییەکانی بەهەشتیش دەرناچێت

دەمەوێت یەکەمین کچی نیشتیمانە نوێژپاکەکەم بم

یەکەمین لێوی مێینە بم، مەمکی قنجی نیشتیمانەکەم

لەدەستی جەلادەکان وەربگرمەوە و بیمژم

گەرەکمە یەکەمین کچی نیشتیمانەکەم بم

گەرچی نیشتیمانەکەم بە کلاشینکۆڤێکی قۆناغدارەوە

ڕاوە سۆزانی دەکات

لێم ڕوونە بەرەبەیانێک وەک چەقەڵ دەستڕێژم لێدەکات

بەبێ گولەی ڕەحمەت لە خوێنی پیسی خۆمم وەردەدات

نیشتیمانەکەم کە مەوتینی هەموو تراژیدیا گەروەکانە

منیش موسیبەتترین سۆزانی

دەخوازم کچی بم

**سۆزانی و باغەوان**

باغەوان خۆ من غەریبم!

ڕێگەی باغچەکەتم پێبڵێ

پێمبڵێ لە ژاکانی منالّیەوە بەچەند فرسەخ

دەگەمە لێواری چرۆکردنی گوڵە بەیبوون؟

لە چەند چەم بپەڕمەوە و لە چەند دەریادا بخنکێم

بۆ گەیشتن بە لالەیەکی هەمیشەسەوز؟

پێمبڵێ باغەکەت چەند ڕۆژەڕێ لە وەرینی گەڵاوە دوورە؟

گوڵەکانت زیویەکی پاییزیین یان وەنەوشەییەکی زستانیین؟

پاچەکۆڵەکەت بە خوێنی سەوزی چەند هەرێز سوورە؟

ئای کە غەریبم باغەوان

تەڵە نێرگزێکی ملشکاو بدە لە سینەم

تا لە بازگەکانی سنوور مۆڵەتی پەڕینەوەم بدەنێ

لێرە لێناگەڕێن غەریب سەری خۆی هەڵگرێت

هەڵاڵەیەکی بابردووت بکە چاوساغم

تا لە شەقامەکانی وونبوونی تەماشا،

کووچەکانی هەڵخلیسکانی نیگا و

ئاسمانەکانی بەلاداهاتنی  ڕوانیندا دەستمبگرێت

دەستمبگرە باغەوان دەرسی ژاکانم دابە و

شەریعەتی باغ بکە دەستووری کەینونەم

فێرمکە باغەوانی زانا چۆن لەگەڵ هەنجیردا بخەوم

بێئەوەی دڵی دڵدارەکەی لێبڕەنجێت

منیش فێرتدەکەم کە هەڵووەرینی گووڵ

ترسی نازکیی غونچە نیە لە زبری سەرما

خۆشاردنەوەی جوانیی گوڵ نیە

لە وەرچەرخانی ناوادەی وەرزەکان

نااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااااا

سیسبوونی گوڵ لچ کردنیەتی لە سەنگدڵی شەونم

هەڵوەرینی گوڵ بێهودەیی گوڵە لە ڕەنگکوێری باغدۆست

شەریعەتی باغ بەس نیە بۆ هەڵنەوەرینی گوڵ

تەماشای ڕاگوزەرانەی باغدۆست کەمە بۆ سیس نەبوونی گوڵ

وریابە باغەوان گوڵە دەستکردەکانی تەکنەلۆجیا

حیکمەتی جوانی لە باغچەکانت نەدزن

وریابە باغەوان گوڵەکانت نەژاکێن

باغدۆستەکان وەک پیاوی کاڵفامی کۆڵانەکانی شەرەف

فریوی گوڵە نایلۆنەکانیان لە عیشوەی نازناز بۆ جیاناکرێتەوە

باغدۆستەکان وەک پیاوە گیرفانپڕەکانی

وێڵی دوای شەوانی سۆزانی

هەنسکی بەر لە ژاکانی گوڵە مێلاقیان بۆ جیاناکرێتەوە

لە هانکەهانکی گوڵەباغە دەستکردەکان

باخەوان خۆ من غەریبم

پێمبڵێ بۆنی غوربەت لە بۆنی گوڵ ناچێت لە وەختی هەڵوەرینا؟

تامی مەرگی چواله هەمان چێژی بێبەریکردنی نیشتمان نادات؟

لێمگەڕێ باغەوان با لە باخچەکەتدا بمرم

وەک یەکەم غەریب دەستکەمە ملی ژاڵەیەک و

تاڵ تاڵ بمرم

مردن لە باخچەدا بەتامترین جۆری مردنە

بەتامترە لە ڕشانەوە لە ئامێزی سەرکردەکاندا

بەچێژترە لە بورانەوە لە حوزوری خوادا

مردن لە باغچەدا شیرینترە لە مەرگ لە ئامێزی نیشتیماندا

2005-2004

ئۆکسفۆرد، ئینگلاند

---

[1] تابلۆی (هاوار)ی ئێدڤارد مۆنک

[2] تابلۆی (ئادەم)ی مایکڵئەنجیلۆ

[3] فریدریک نیچە، وەهای گووت زارادەشت. دەقی ئنگلیزیی، لاپەڕە 150.

[4] تابلۆی (سۆزانییەکان لە مەیخانەدا)ی پابلۆ پیکاسۆ